# ئەخلاق
# و
# پرسەکانی ئێمە..

(بەشی سێیەم و کۆتایی)

دارا مەحمود

## ئەخلاق و ئایندەی مرۆڤایەتی:

لەکاتی دووان لەبابەتی ئەخلاق، زۆرجار ئەو پرسیارە بەمێشکی مرۆڤدا گوزەر دەکات، کەداهاتووی مرۆڤایەتی لەڕووی ئەخلاقییەوە چۆن دەبێت..؟ وەڵامی ئەم پرسە دەتوانێ بە هەردوو دیوە باش و خراپەکەیدا ببێت. واتا هەم ئەو ئەگەرو شیمانانە لەئارادان کە بڵێین باشتر دەبێت، و لەهەمان کاتدا دەتوانێ خراپترو یانیش لانیکەم هەر وەک خۆی بێت. هەربۆیەش و لەبەر مانەوەی پرسەکە لە بازنەی ئەگەرو شیمانەو پەیوەستەبوونی بە کۆمەڵێک مەرجەوە، هەردوو ئیحتیمالەکە لایەنگرو دژی خۆی هەیە و بەپشتبەستن بە کۆمەڵێک بەڵگەو بنەما دیدو بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن.

ئەوانەی کەبە پلەی یەکەم هەڕەشە لە ئایندەی مرۆڤ دەکەن دوو شتن. یەکەم: جەنگ و بەکارهێنانی چەکی وێرانکەر. دووەم: تێکدانی ژینگە. هەردوو بابەتەکەش پەوەندی دانەبڕاویان بە سیاسەت و فەلسەفەو ئابووری و کۆمەڵناسی و ئەخلاقیشەوە هەیە. و لەمرووەوە ئەم پرسە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە کە ئایا دەکرێ مرۆڤ خۆی لەجەنگ بپارێزێت..؟ یان لەئایندەی خۆی دڵنیا بێت کە لە ڕێگای جەنگ و بەکارهێنانی چەکی وێرانکەرەوە لە ناو ناچێت..؟

ئەم پرسەو گەڕان بۆ وەڵامەکەی خەمێکی کۆنی مرۆڤایەتی و پێشینەیەکی دیرۆکی کۆنی هەیە.

بەلای ئیفلاتونەوە جەنگ ئەنجامی سروشتی تێرنەبوونی ناخی مرۆڤە لە نیازمەندییەکانی. و بەرفرەبوونی ئەو نیازمەندییانە تا ئەندازەی پتر لە حاڵەتی ئاسایی دەبێتە سەرچاوەی تەواوی بەڵاو کارەساتەکان و کۆمەڵگایەکی نەخۆشیشی لێ بەرهەم دێت. کەزۆربەی ئەو نیازمەندییانەش لەشتی سادەو بچوکەوە دەستپێدەکەن کەپتریان بابەت و کاڵاو ئامرازی لوکس (کمالیات) ن و ناچنە خانەی پێویستییەکانەوە. هەربۆیە بەلای ئیفلاتونەوە، وڵاتێک، یان تەنانەت تاکێک کاتێک پەنا بۆشەڕ دەبات کەپایەی بنەما ئەخلاقییەکانی لاوازو لەرزۆک بن. و ئەخلاقیش بۆخۆی بە بەگرنگیدان بە حەزو ئارەزووە بێ جێ و سنوورنەناسەکانی مرۆڤ وێران و لەناو دەچێت. ئیتر کاتێک دەوڵەتێک نەیتوانی حەزو ئارەزووی ئەندامەکانی کۆمەڵگاکەی تێر بکات. یان ئەو تێرکردنە سنووری نەبێت، ناچار پەنا بۆ بەرفرەبوون و دەستبەسەرداگرتنی وڵاتانی تر دەبات.

لەوکاتەوە کە ئیفلاتون ئەو قسانەی کردووە تا ئەمڕۆ زۆر شت گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. کەچی هەم ئاگری جەنگ هەروا پتر کڵپەدەستێنێت هەم بنپێکردنی بایەخە ئەخلاقییەکانی تریش بێ ڕاوەستان بەرێوەدەچێت.. ئەمە چی دەگەیەنێت..؟ ئایا بەو واتایەیە کە مرۆڤ لەڕووی ئەخلاقیەوە شیاوی گۆڕان نییە، یان پرسەکە بەجۆرێکی ترە..؟

پرسی گۆڕانکاری مرۆڤ لەڕووی ئەخلاقییەوە جێگای تێڕامان و سەرنجی وردە. چونکە واپێدەچێت بەوجۆرەی کە بۆ نموونە لەزانست و چالاکیە فکری و دەستییەکانی مرۆڤ لەگەڵ ڕەوتی دیرۆکدا شیاوی پەرەسەندنی پۆزەتیڤانەو لەڕووی ئەزموونەوە شیاوی خڕبوونەوەو کەڵەکەبوونە، ئەخلاق بەوجۆرە نەبێت. بەو واتایەی

هیچ بەڵگەیەکی ئەزموونگەریی لەئارادا نییە کە بیسەلمێنێ مرۆڤی سەدەکانی داهاتوو لەمانەی ئەمڕۆ پتر پەیوەستەی ئەخلاق دەبن. بەڵکو دەکرێ پێچەوانەکەی ڕاست بێت. ڕۆسۆ دەڵێت: ( هەرگیز ڕاستی لەبیرو ڕەوشتی دانیشتوانە گەندەڵەکانی شارە گەشەسەندووەکاندا نابینییەوە. بەڵکو بەلای زۆرەوە لەدڵی جووتیارێکی سادە یان منداڵێکی پاک)31

گەرچی کاریگەریی ئەزموون و پەرەسەندنی بوارەجۆربەجۆرەکانی ژیان ڕەتناکرێتەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە بەو جۆرە نییە کە لەبوارەکانی تردا هەیە. کەواتە دەبێ چۆن بێت.؟

نیچە دەڵێت: (جۆری ئادەمیزاد، یەک گشت (کل) نییە. جۆراوجۆری و تێکەڵ پێکەڵیەک لە بەرەوسەرچوون و شۆڕبوونەوەیە. ژیان، سەردەمێکی لاوێتی و کە پاشان کامڵبوون و سەرئەنجام پیری بەدوادابێت لەئارادا نییە. توێژە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ و ئاوێتەی یەکترن. و تا چەند هەزارەی تر، ڕەنگە هێشتا جۆری مرۆڤی وا بێنە کایەوە کەتەنانەت لەچاو ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین نیشان بدەین لاوتر بن..) 32

مەبەستی نیچە لە سەردەمی لاوی و کامڵبوون و پیری هەمان پرسی ڕەوتی هەڵکشانی دیرۆک و کەڵەکە بوونی ئەزموونە. هەربەو جۆرەی کە ئاماژەمان پێکرد نیچە بە گومانە لەوەی مرۆڤەکانی پاش چەند هەزار ساڵی تری داهاتوو لەڕووی بیری ئەخلاقییەوە لەمەی ئەمڕۆ باشترو لەپێشتر بن. لەمەش گرنگتر خڕکردنەوەی سەرتاپای مرۆڤایەتی لەیەک خانەی ئەخلاقیدا، یان ئەوەی بخوازین دیدی هەمووان لەسەر بایەخە ئەخلاقییەکان یەک بێت. گەرچی ئەو بایەخە ئەخلاقییانە، وەک لەناوەکانیانەوە دیارە خەسڵەتی باشیش بن. بەو واتایەیە کە هەمووان بەرەبەرە وەک یەکیان لێ بێت. و بەواتایەکی تریش لایەک لەپێناوی لایەکی تردا لەناو بچێت. و ئەمەش بەواتای پەیڕەوکردنی زۆرداریەکە بەدەستی ئەو لایەنەی ئەو ئەخلاقە لەگەڵ بارودۆخی ئەودا دەگونجێ. ئەمەش دووبارە هەربەتێکوپێکدان و وێرانکردن بەدواوەیەو تەواوی ئایدیۆلۆژیا نەژادپەرستەکانیش هەر لە خواستی یەک ئەخلاقی تاکەوە سەرچاوەدەگرێت و گەشەدەکات.

هێتلەر دەڵێت: لەدایکبوونی منداڵێک لەکەسێکی نەخۆش یان کەسێکی کەلەڕووی بۆماوەیی (وراثی)یەو کەموکوڕی هەیە دەبێ قەدەغەبکرێت. و ئەو قەدەغەکردنەش بە پراکتیک جێبەجێ بکرێت.33

مەبەستی هێتلەریش لەدوان لە بابەتی بۆماوەیی، یان نەخۆشی وەک لەڕەفتارەکانی پاشانیدا دەرکەوت. دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی نەژادی ڕەسەن و لەناوبردنی ناڕەسەنە لەدیدی ئەوەوە. کەئەم باوەڕە نەژادپەرست و توندڕەوانەیە دەتوانن خۆیان لەبەرگێکی ئەخلاقی زۆرجواندا بخەنەڕوو، و بەڵگەی ئەخلاقی بۆ ڕەفتارە نائەخلاقییەکانیان بهێننەوەو لەپێناو باوەڕو ئایدیۆلۆژیای گروپێکدا جیهان و مرۆڤایەتی لەناوبەرن و هەرئەم ڕێگایەشە ئەمڕۆ مەزهەب، بەتایبەتی ئیسلامی تەکفیری گرتوێتییە بەرو پڕبەدەم هاواردەکات: (کافر تۆ بەبێ باوەڕی خۆت، ورەی من تێکدەشکێنی. تاکاتێک بەخوا، بەسزاو پاداشتی دوای مەرگ، بەئازادی خواست باوەڕت نییە. کۆسپی سەر ڕێگای فەزیلەتەکانی منی. ئەنجامی ئەخلاقی: کافران و بێ باوەڕان دەبێ لاناوبچن، ئەوانە کۆسپی ڕێگای ئەخلاقیبوونی خەڵکین..) 34

بەڵام ، هەندێک تائەو جێگایە خۆشبینن کە بنیاتنانی بەهەشتی زەمینی شتێکی واقیعی و لە ناو چوارچێوەی تواناکانی مرۆڤدایە. لەمانە ئانارشیزم.

ئانارشیزم، کەبنەماکانی لەسەر خەیاڵ بنیاتنراون، هەرلەبەر ئەوەش پێی دەگوترێ خەیاڵئاوا، ڕوئیای وەها کۆمەڵگایەک کە کورد گوتەنی گورگ و مەڕ پێکەوە ئاودەخواتەوە هێندە دڵچەسپە و خۆشە کە ترۆپکی ئارەزووی مروڤ لەوێدا بەدیدێت و هەربۆیەش چەندان سەدەیە مرۆڤ ناتوانێ خۆی لەو خەیاڵە خۆشە دەربازکات و لەبیرمەندانی یۆنانییەوە بگرە تادەگاتە ئەوانەی هاوچەرخ بەردەوام ئەو خەونە نوێ دەکەنەوەو مژدەی ئەو بەهەشتە زەمینییە بەمرۆڤ دەدەن. بەڵام ئایا هیچ بەڵگەیەکی ئەزموونگەریی لە بەردەستدایە، تابەوەها داهاتوویەک خۆشبین بین کەلەوێدا دەسەڵات و دەوڵەت و تەواوی شێوازەکانی هێزو دەسەڵات ڕیشەکێش بکرێت وەک ئانارشیستەکان ڕایدەگەیەنن؟

ئەگەر ئێمە بەمێشکماندا بێت و هەر بە گریمانە بڵێین: ئەگەر ئەخلاق و فەزیلەت دەسەڵات بگرنەدەست. ئیتر مرۆڤایەتی دەگاتە ترۆپکی ڕزگاری و حەسانەوە، ئەوە پێشتر دەبێ وەڵامی ئەم پرسە بدەینەوە کە ئەخلاق و فەزیلەت چۆن دەگەنە دەسەڵات؟ بۆئەمەش نیچە ئەرکی ئەم وەڵامدانەوەیە دەگرێتە ئەستۆ و دەڵێت: (یەک فەزیلەت چۆن دەگاتە دەسەڵات؟ دروست هەر بەشێوازی حزبێکی سیاسی: چەنەبازی، درۆ، فێڵ، وێرانکردن و تێکوپێکدانی ئەو فەزیلەتانەی ڕێگای لێدەگرن و پێشتر لەسەر دەسەڵات بوون، بەناولێنانی دووبارە لەوانە، بەسەرکوتکردن و گوشارو گاڵتەجاری سیستەماتیکیانە.. بۆیە ئەخلاقیش هەر لەڕێگای بێ ئەخلاقییەکی ڕووتەوە دەگاتە دەسەڵات.)35

ئەمەش بەوواتایەیە کە سەرکەوتنی ئامانجێکی ئەخلاقی جگە لەبەکارهێنانی ئامرازێکی نائەخلاقییەوە لەتوانادا نییە، و بەواتایەکی دیکەش دووبارەکردنەوەی هەمان گەمەی سیاسی کە هەبووەو هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی ئێمە لەبەردەم کۆمەڵێک واقیعداین کە لەسەریەکەوە دەروونمان ئارام دەکەنەوەو ئاستی خۆشبینییەکانمان دەبەنە سەرێ:

1- دیرۆکی مرۆڤایەتی بەگشتی بریتییە لە پێشکەوتن و گۆڕانکاری لەجەهالەتەوە بۆ عەقڵ و زانست و مەعریفە و هیچکات پێچەوانە ڕووی نەداوە. و بەدیوێکدا دەتوانین بڵێین: (ئەخلاق مەعریفەیە)36 بەو واتایەی مرۆڤ کاتێک ڕاست و چەپی خۆی، سوودو زیان و بەرژەوەندییەکانی، سنووری ئازادی و ماف و خواستەکانی بزانێت، عەقڵ و لۆژیک دەیخەنە سەرئەو هێڵەی لەویداو لەڕەفتاریدا ڕەچاوی ئەخلاق بکات. بەڵام مرۆڤێکی جاهیل، کوێرو کەڕو عەقڵ سستە. نەبەرژەوەندی و سوودو زیانەکانی خۆی و نەهی ئەوانی تر دەزانێت و بەم پێیەش هەمیشە دەکرێ لەسەر هێڵێکی هەڵە یاری بەئارەزوویکانی بکات.

2- جیهان بەقۆناغێکدا ڕەتدەبێت کە سیمای درووستبوونی سیستەمێکی سەرتاسەری جیهانی لەئاسۆوە بەدیاردەکەوێت. ئەویش مەرج نییە کەبریتی بێت لەدەسەڵاتێکی بەهێز کەلە لوتکەی ئەو سیستەمە جێگیر بووبێت (وەک نموونەی ئەمریکایی ئەمڕۆ) بەڵکو سیستەمێک کە هیچ وڵاتێک بێ ئەوانی تر نەتوانێ ژیانی ئاسایی بەسەر بەرێت و ئەو پێکەوە گرێدان و پەیوەستە بوونە، واقیعێکی نوێ بسەپێنێت کە بریتی بێت لەدۆستایەتی و مامەڵەکردنێکی عەقڵانی لەگەڵ یەکتر.

بەڵام کاتێک کۆمەڵە ڕاستییەکی تر دەهێنینە بەرچاوی خۆمان ڕوو بەرەو ڕەشبینی وەردەگێڕین:

1- لەجیهانی ژیانی مرۆڤایەتیدا هیچکات ئەخلاق و فەزیلەت یان گشت بایەخە ئەخلاقییەکان نەکەوتوونە خانەیەکەوەو بەچەندان شێوازو بۆنە دەتوانن ڕێگا لەیەکتر بگرن و ناکۆکی بهێننە ئاراوە. عەدالەت و ئازادی ئەو دووچەمکە پیرۆزو ئەو دوومافە ڕەوایەی مرۆڤایەتی بەردەوام وێڵیەتی کاتێک دەکەونە هەمبەر یەک و بۆبەدەستهێنانی یەکێکیان پێویست بێت ئەوەی تریان بکرێتە قوربانی.. مرۆڤ چی بکات..؟ ئەگەر چارەیەکی مامناوەندی بەدەستهات چۆن هەمووان ڕازی بکرێن تا ئەو چارە مامناوەندییە قبوڵ بکەن..؟

2- هیچکات مرۆڤایەتی نابێتە خاوەنی ئەو فابریکە کۆمەڵایەتییە کە بە شێوەیەکی نموونەیی و بەپێی خواستێکی ئایدیاڵ مرۆڤ بەرهەم بهێنێت. کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی بریتییە لە پێکهاتەیەکی باش و خراپ. و بەردەوامیش چاک و خراپ بەرهەم دێتەوە.

بەڵام ئایا لە نێوان ئەم دووانەدا بواری هەڵبژاردنێکی ترمان لەبەردەمدا نییە..؟

پێموایە بەڵێ! ئەگەر مرۆڤایەتی نەتوانێ بەهەشتێکی زەمینی کەهەموو خواست و ئارەزوویکانی تێدا بەدیهاتبێ. ئەوە بەدڵنیاییەوە دەتوانێ برسیەتی ڕیشەکێش بکات. ئەگەر نەتوانێ جەنگ یان توندوتیژی لەڕیشەوە دەرکێشی ئەوەدەتوانێ سنووردارو بچوکی بکاتەوە، بەلەناوبردنی چەکی کۆکوژی و وێرانکەر ئاستی

زیانەکانی جەنگیش کەمبکرێتەوە. ئەگەر نەتوانرێ نەژادپەرستی و زوڵم و بێدادی بەشێوەیەکی ڕەها لەناو ببردرێت، ئەوە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پێکەوە دەتوانن سیستەمە سەرکوتکەرو دیکتاتۆرەکان، لاوازو بێدەسەڵات بکەن و تەنانەت بیانڕوخێنن. ئەگەر نەتوانرێ مرۆڤایەتی لە جەهل و خورافاتەوە بگوازنەوە جیهانێکی عەقڵانی و مەعریفی. ئەوە بێ هیچ گومانێک دەتوانرێ تا ئاستێکی زۆر فاکتەرەکانی مانەوەی مرۆڤ لەجەهل و خورافاتدا دەستنیشان بکەن و لەناویان ببەن و یانیش لانیکەم کاریگەرییەکانی کەمتر بکەنەوە.

بەڵام لەهەموو ئەمانە گرنگتر و وەک دەربازبوون لەبازنەی کۆمەڵگاو گەڕانەوە بۆ ئاستی بەرپرسیارێتی تاک. و بێ گوێدانە ئەوەی داخوا ئەو هەموو قسەو لێدوانە بەدەردی چ دەخۆن و چ کاریگەرێکیان دەبێت. مرۆڤی تاک ئەرکێکی دەکەوێتە ئەستۆ کە لە پشت بەچەند بنەما دەبەستێت.

بنەمای یەکەم: لەکاتێکدا کە ناتوانین بە تاقی تەنیا ڕەوتی دیرۆک و یانیش تەنانەت ڕەوتی ڕووداوێکیش بەرەو ئاسۆیەکی مرۆڤانەو ئەخلاقیانە بەرین، دەتوانین ئێمە بەشێک لەکارە نائەخلاقییەکان نەبین. ئەگەر من وەک تاکێک نەتوانم پێش بەجەنگ بگرم بەلانی زۆرەوە دەتوانم خۆم بەشداری لەو جەنگەدا نەکەم و ڕەواجپێدەری نەبم. ئەگەر پزیشکێکم و پێم ڕاسپێردراوە لوت و گوێی تاوانبارێک ببرم (وەک لەسەردەمی سەدام حوسێندا) هەرچەند دەزانم بەبێ منیش کەسێک دەبێت ئەوکارە ئەنجام بدات، ئەگەر بڕیارە زیندانییەک ئەشکەنجە بکرێت، لەو لەحزەیەدا ئەرکی ئەخلاقیانەی من دەیخاتە ئەستۆم کەئەوەی ئەوجۆرە کارانەدەکات من نەبم.

بنەمای دووەم: توندڕەوی لەهەموو کارو ڕەفتارو دەربڕینێکدا وێرانکەرو گومڕاکەرو سەرلێشوێێنەرە. داخوازیەکان چی دەبن بابن، ڕەوایی مافەکان لەچ ئاستێکدا دەبن با ببن. توندڕەوی پێش لە بیری ساغ تەنانەت پێش لەخودی بیرکردنەوە دەگرێ (یەکەمین ئەرکێکی گشتی بریتتیە لە دوورکەوتنەوە لەزیادەڕەوی لە موعانات، شۆڕش، جەنگ، ترۆر، چارەسەری توند ڕەوانە ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتی بێچارەییدا پێویست بن. بەڵام دیرۆک فێرمان دەکات کە ئاکامەکانیان بەدەگمەن لەگەڵ پێشبینییەکاندا دێنەوە)37

بنەمای سێیەم: تەواوی ئەو کارانەی کاتێک خۆمان بەبێ ئەخلاقیان دەزانین لەسەردەمێکی تردا پاساوی ئەنجامدانی نەهێنینەوە. ئەگەر دزی، درۆ، کینە، دڵڕەقی، نامەردی، زۆرداری، ستەم، ئەشکەنجە ، ترۆر،... ڕەتدەکەینەوە. دەبێ هەمیشەو لەهەموو هەلومەرجێکدا ڕەتیانکەینەوە.

بنەمای چوارەم: لەهەر هەنگاوێکدا بەرەو داهاتوو هەرگیز پشت بە پێشبینییەکانمان نەبەستین. چونکە ڕەفتار لەسەر بنەمای پێشبینی بەواتای دوان دەربارەی شتێکە کە هێشتا بوونی نییە. ئەمەش بەواتای خۆدانە دەست قەدەر نییە. بەڵکو بەم واتایەیە کەلەبری ئەوەی بڵێم: من بەمجۆرە ڕەفتاردەکەم چونکە داهاتووم بەوجۆرە دەبێت. ڕاسترو ژیرانەترە بڵێم: من بەمجۆرە ڕەفتاردەکەم تاداهاتووم بەوجۆرە بێت. واتا ئاییندە دەبێ پەیوەستەی ڕەفتاری ئێمە بێت و واقیعیش هەروایە نەک ئێمە پەیوەستەی ئایندەیەک بین کەتەنانەت نازانین سیماکانیشی چۆنە. کارل پوپەر دەڵێت: (پێشبینی بۆخۆی دیتنەوەیەکی گرنگی میتۆدۆلۆژی زانستییە. بەڵام ڕاستی هەر پێشبینییەک بەمەرجێک دەتوانرێ کە هێگل گوتەنی ئاییندە لە ڕابردوودا بێت) 38 پێشبینی بەحوکمی کۆمەڵێک فاکتەری پێشبینی نەکراو هەمیشە دەتوانێ هەڵەبێت. و لەدیرۆکیشەوە هەر ئەمە فێردەبین.

بەگشتی هیچ پێویست نییە کتێبی داهاتوو بگرینەوە. بەڵام شتێکی لۆژیکی و عەقڵانییە خۆشبین بین بە ئاییندەیەکی مرۆڤایەتی ئارامتر، و ئەخلاقگەرایانەتر، توندوتیژی لەوێدا سنووردارتربێت و میکانیزمەکانی چەسپاندنی ئەمانە دابهێنرێن. پێشموایە ڕاسترە لەبری ئەوەی بڵێین ئایندەیەکی ئەخلاقیانەتر، بڵێین عەقڵانی تر. چونکە لەهەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە ئایا مرۆڤ لێدەگەڕێ ژیانی هێندە درێژە بکێشێ تا بواری بەدەستخستنی ئەخلاقیکردنی بۆ هەڵدەکەوێ..؟

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


1- عبدالرحمن عالم. بنيادهای علم سياست. نشر نی. تهران-1376 ل72

2- ايزايا برلين. نسيج الأنسان الفاسد. ترجمە: سميه فلو عبود. دار الساقی. بيروت-1993

3- ميشيل لووی. درباره تغيير جهان. مقالاتی درباره فلسفه سياسی از كارل ماركس تا والتر بنيامين. ترجمه: حسن مرتضوی. انتشارات روشنگران و مطالعات زنان- 1376 ل91

4- هەمان سەرچاوە ل74

5- بڕوانە: جورج ادوارد مور. ترجمه اسماعيل سعادت. شركت انتشارات علمی و فرهنگی-1366

6- عبدالرحمن عالم. سەرچاوەی پێشوو ل73

7- هەمان سەرچاوە ل106

8 - دكتر ابوالقاسم طاهری. تاريخ انديشەهای سياسی در غرب. نشر قومس- تهران 1383 . ل288

9- عبدالرحمن عالم، سەرچاوەی پێشوو ل84

10- سون اريک ليدمان. تاريخ عقايد سياسی از افلاطون تا هابرماس. ترجمه: سعيد مقدم. نشر دانمش ايران 1379 ل282

11- هەمان سەرچاوە ل115

12- هەمان سەرچاوە ل 114

13- عبدالرحمن عالم. سەرچاوەی پێشوو ص74

14- دكتر ابوالقاسم طاهری.- هەمان سەرچاوە. ل224

15- هەمان سەرچاوە. ل228.

16- هەمان سەرچاوە. ل249

17- بابک احمدی. ماركس و سياست مدين نشر مركز. تهران. 1379 ص306

18- بابک احمدی. هەمان سەرچاوە. ص724

19- هەمان سەرچاوە. ص111

20- فريدريش نيچه. اراده قدرت. ترجمه دكتر مجيد شريف. جام. تهران- 1377. ل227

21- عبدالرحمن عالم. سەرچاوەی پێشوو. ل73

22- بۆ زۆرتر زانياری بڕوانە: سوناريک ليدمان، سەرچاوەی پێشوو ل215

23- فريدريش نيچه. اراده قدرت. ترجمه دكتر مجيد شريف. جام 1377 ل219

24- هەمان سەرچاوە ل269

25- سيد مرتضی مرديها. دفاع از عقلانيت. تقدم عقل بر دين، سياست و فرهنگ. زنتشارات نقش و نگار چاپ اول 1379 ل97

26-- دكتر ابوالقاسم طاهری. سەرچاوەی پێشوو. ل33

27- عبدالرحمن عالم. سەرچاوەی پێشوو. ل75

28- دكتر ابوالقاسم طاهری. سەرچاوەی پێشوو. ل68

29- هەمان سەرچاوە ل97

30- كريستيان دالاكامپانی. فلسفه سياست در جهان معاصر. ترجمه: بزرگ نادرزاد. انتشارات هرمس- 1382 ل22

31- ئيزايا برلين هەمان سەرچاوەی پێشوو ل39

32– فریدریش نیچه. سەرچاوەی پێشوو ل272
33– سون اریک لیدمان. تاریخ عقاید سیاسی از افلاطون تا هابرماس. سەرچاوەی پێشوو. ل282
34 – فریدریش نیچه، سەرچآوەی پێشوو ل256
35– فریدریش نیچه. سەرچاوەی پێشوو ل255
36– ئیزایا برلین. سەرچاوەی پێشوو ل42
37– هەمان سەرچاوە ل27
38– مارکس و سیاست مدرن. سەرچاوەی پێشوو ل105